# نازی منالّان هەڵبگرن

**Author:** Hind al-Safar

ژمارەی ئەو منالّانەی ئێستا دەمرن زیاترە لەو ژمارەیەی لە کاتی گەمارۆی ئابوریدا دەمردن.

بەهۆی باری گرژی ئەمنی و نەبوونی خزمەتگوزاری باشی تەندروستی و کەلوپەل و پێداویستی پزیشکیەوە، رێژەی مردنی منالّان لە عێراقدا لەبەرزبونەوەدایە.

بە گوێرەی راپۆرتێك کە لە مانگی مایسی ٢٠٠٧ دا لەلایەن رێکخراوی فریاگوزاری منالّپاێزی (Save the Children) ئامادەکراوە، "رێژەی مردنی منالّان لە عێراقدا تا ئاستێکی سەیر کە ١٥٠٪ یە بەرزربۆتەوە، ئەم رێژەیەش زیاترە لە رێژەی هەر وولّاتێکی تر."

ئەو راپۆرتە، کە ناونیشانی "باری دایکانی جیهان لە ٢٠٠٧دا" هەڵگرتووە، ئەڵێت نزیکەی ١٢٢ هەزار منالّی عێراقی - کە دەکاتە یەك منالّ لە هەموو هەشت منالّێك – لە ٢٠٠٥ دا مردوون، پێش ئەوەی بگەنە تەمەنی پێنج سالّی. زیاتر لە نیوەی حالّەتەکانی مردن لە نێو منالّانی ساوای تازە لەدایکبوودا بووە کە لە مانگی یەکەمی تەمەنیاندا بوون.

راپۆرتەکە دەڵێت، "تەنانەت پێش دوایەمین شەڕیش، دایکان و منالّانی عێراقی رووبەرووی قەیرانێکی مرۆیی سەخت دەبوونەوە بە هۆی چەندین سالّ لە سەرکوتکردن و شەڕ و سزای ئابوریەوە."

راپۆرتەکە لەسەری دەڕوات و دەڵێت، "لە سالّی ٢٠٠٣ ەوە، کەمی کارەبا و ئاوی پاك و خزمەتگوزاری تەندروستی خراپ و هەڵاوسانی بەردەوام، باری گوزەرانی خراپتر کردووە کە خۆی لەخۆیدا قورس و زەحمەتە."

ئەو لێکۆڵینەوەیە رەبو و سکچوونی وەکو هۆی سەرەکی مردنی منالّان پۆلێنکردووە لە عێراقدا کە هەردووکیان دەبنە هۆی ٣٠٪ حالّەتەکانی مردنی منالّان.

هەروەها دەڵێت، "وا مەزەنەدەکرێت زیادبونی مردنی منالّانی ساوا لە دوای داگیرکردنی عێراقەوە لە ٢٠٠٣ دا، بە رێژەی ٣٧٪ زیادی کردبێت."

لە بەغدای پایتەختدا، چوار خەستەخانەی منالّان و سێ خەستەخانەی نەخۆشیەکانی ژنان هەیە، هەروەها چەند بەشێکی منالّان لێرەو لەوێ لە دامەزراوە پزیشکیەکانی تردا هەیە.

خەستەخانەی مەرکەزی منالّانی لەو شارەدا کەوتۆتە گەڕەکی ئیعلامەوە لە پایتەخت – کە ناوچەیەکی گرژ و ناجێگیرە و خەڵکی و ستافی پزیشکی بەزەحمەت دەیگەنێ.

خەستەخانەکان ناتوانن وەکو پێویست چاودێریەکی تەندروستی باش لە ڕووی نەوعیەوە دەستەبەربکەن، چونکە نە کەلوپەل و پێداویستی پزیشکی تەواوەتیان هەیە و نە کارمەندی تەواویشیان هەیە - کە لە زۆر حالّەتدا، هەڵهاتوون بۆ وولّاتەکانی تر.

شارەزایان ئەو بارە خراپەی سیستمی چاودێری عێراقی تێکەوتووە لەمڕۆدا دەشوبهێنن بە رەوشی ئەو چاودێریە تەندروستیەی کاتێك ئەو عێراق سزای ئابوری بەسەردا سەپێنرابوو لە نەوەدەکاندا، کە ئەو کاتەش بە هەمان شێوە پێداویستیە پزیشکی و تەندروستیەکان لە دەرمان و کەلوپەل کەم بوون.

ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٩٠دا گەمارۆی ئابوری بەسەر عێراقیدا سەپاند، دوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن ئەو وڵاتەوە و ئەو سزا ئابوریانە هەتا ساڵی ٢٠٠٣ بەردەوامیان هەبوو.

ی تایبەت بە منداڵانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان رووپێوێکی بڵاوکردەوە کە رێژەی مردنی(UNICEF) لە ساڵی ٢٠٠٠ دا، رێکخراوی منداڵانی عێراقی خوار تەمەن پێنج ساڵانی تێدا نیشاندرابوو. بەپێی ئەو رووپێوە ئەو رێژەیە لە ماوەی سزا ئابوریەکانی سەر ئەو وڵاتەدا بۆتە زیاتر لە دوو ئەوەندە لە ناوچەکانی باشور و ناوەڕاستی عێراقدا کە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتدا بوون.

ە، لە دیدارێکدا لەگەڵ ئاژانسی رۆیتەر وتبوی نزیکەی نیو(UNICEF) لەو کاتەدا، ئەنویاما راو سینگ کە لێپرسراوێکی باڵای رێکخراوی ملیۆن منداڵی خوار تەمەن پێنج ساڵ لە عێراقدا مردوون لەو کاتەوەی گەمارۆی ئابوری بەسەر ئەو وڵاتەدا سەپێنراوە.

ئەو لێپرسراوە وتی، "ئەگەر بەشێوەیەکی رەها قسەبکەین، دەتوانین ژمارەی ئەو منداڵانەی لە خوار تەمەن پێنج ساڵەوە مردوون بە نزیکەی نیو ملیۆن منداڵ مەزەنە بکەین، کە عادەتەن نەدەمردن ئەگەر ئەو دابەزینەی لە رێژەی مردنی منداڵاندا لە حەفتاکان و هەشتاکاندا هاتبوە ئاراوە، لە نەوەدەکانیشدا بەردەوامی هەبوایە."

محەممەد زەهراو، پسپۆڕی نەخۆشی منداڵان لە نوسینگەی پشکنەری گشتی وەزارەتی تەندروستی وتی هەمان ئەو مەترسیانە بۆ سەر تەندروستی منداڵان لەمڕۆشدا بوونیان هەیە - و نەبونی ئەمن و ئاسایش کە زۆربەی عێراقی گرتۆتەوە هێندەی تر ئەو مەترسیانەی چڕترکردۆتەوە.

هەروەها وتی، "لە رابردوودا سزا ئابوریەکان و نەبونی دەرمان و پێداویستیە پزیشکیەکان ئەبونە هۆی مردنی منداڵان. ئێستاش هەمان کێشە هەیە، سەرباری باری خراپی ئەمنی. ئەمە بەشێوەیەکی تایبەت لە بەغدا راستە کە زەحمەتە دەستت بە خەستەخانەکان بگات."

فەهیمە سەلمان، سەرۆکی دەزگای چاودێری گشتی، وتی هۆکاری هەرە سەرەکی مردنی منداڵان لە عێراق نەبونی دەرمان و پێداویستی پزیشکیە.

نوسینگەی پشکنەری گشتی لە وەزارەتی تەندروستی ئەرکی پشکنینی خەستەخانەکانی پێ سپێردراوە و راپۆرت دەداتەوە بە وەزارەتی تەندروستی لەسەر ئاو و ئاوەرۆ و کار و پێویستیەکانی دامەزراوە تەندروستیەکان.

فەهیمە وتی باری خراپی ئەمنی و زەحمەتی گواستنەوە دەبێتە هۆی ئەوەی گواستنەوەی دەرمان و پێداویستی پزیشکی بۆ خەستەخانەکان و عیادەکان کار ێکی ئەستەم بێت. ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی کە خێزانەکان و نەخۆشەکان خۆیان ئەو دەرمانە سەرەکیانە لە بازاڕی رەشدا بکڕن کە پێویستیان پێیەتی وەکو ئەنتی بایۆتیك و هایدرۆکۆرتیزۆن و خۆیان بیبەن بۆ خەستەخانەکان و عیادەکان.

فەهیمە وتی، "ئێمە وەکو نوسینگەی پشکنەری گشتی، سەردانی دامەزراوە تەندروستیەکان ئەکەین بۆ ئەوەی ئاستی کەمی دەرمان و پێداویستیەکان دیاری بکەین و تێبینی گرفتەکانیش بکەین. ئێمە هەوڵدەدەین چی لە تواناماندا هەبێت بیکەین... بەڵام هەر هێشتا ئەرکی گەورەمان لەبەردەمدایە کە پێویستە رووبەرووی ببینەوە."

هەندێك جار، دەرمانەکان ناگەنە گەنجینەکانی وەزارەتی تەندروستی و لەسەر رێگەیاندا بۆ ئەو گەنجینانە دیارنامێنن.

ئەمەل عەبدولئەمیر، پسپۆڕی نەخۆشەیکانی منالآن لە نەخۆشخانەی فێرکاری یەرموك لە ناوچەی کەرخ لە بەغدا، وتی هۆیەکی تریش هەیە بۆ مردنی منالآن ئەویش ئەوەیە کە دکتۆری منالآن و نەخۆشیەکانی ژنان بە لێشاو وولآت بەجێدەهێڵن و ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبونەوەی ستافی شارەزا.

هەروەها وتی، "خەڵك هەن دەبن بە مامان کە مەرج نیە شارەزاییان هەبێت لە منالبون و حالەتی کتوپڕیدا، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی رێژەی مردنی منالآن."

لە خەستەکانی سەرتاسەری وڵاتدا، شتکێی ئاسایی و باوە گوێت لە ناڵە و گریانی دایکان بێت، وەکو زەینەب محەممەدی تەمەن ٣٠ ساڵ کە منالە دوو مانگانەکەی گیانی لەدەستدا پاش ئەوەی نەیتوانی لە کاتی خۆیدا بیگەیەنێتە خەستەخانە.

ی راگەیاند کە لەسەر رێگەی خەستەخانە لە گەڕەکی هەژارنشینی سەدر، چەندین جار خێزانەکەی یەکلەدوای یەك(IWPR) زەینەب بە لە بەردەم بەربەست و خاڵەکانی پشکنیندا دەوەستێنران کە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئەمنیەکان قوتکراونەتەوە.

ئەم دواکەوتنە بووە هۆی ئەوەی باری تەندروستی منالەکە خراپتربێت، و کاتێکیش دواجار گەیشتنە ئەوێ دکتۆری پسپۆڕی منالانی لێ نەبوو چارەسەری بکات.

زەینەب پەیمانیداوە نەهێڵێت هەرگیز منالی تری ببێت. لەبەرئەوە وتی، "باوەڕناکەم بەرگەی جەرگسوتانێکی تر بگرم بەهۆی خزمەتگوزاری خراپی تەندروستیەوە لە عێراقدا."

هند سەفار پەیامنێرێکی (IWPR)ە لە بەغدا.
**Location:** Iraqi Kurdistan
Iraq

---

**Source URL:** https://iwpr.net/ku/global-voices/nzy-mnln-hhlbgrn